# ئامێرێكی گرنگ بۆ تۆماركردنی فیلمە ڤیدیۆییەكان




گەلێك جاران بەدیار سەیركردنی پرۆگرامێكی گرنگ، یان فیلمێكی بە و یستی خۆت، یان گۆرانیەك كە حەزی لێدەكەی دانیشتووی، بەڵام لەناكاو بەهەر هۆیەك بێت ناتوانی بەتەواوی فیلمەكە یان پرۆگرامەكە ببینی.. هەرچەندە ئێستاكە سەتەلایتەكان خۆیان فیلم لەخۆیاندا خەزن دەكەن، یان TVیە پێشكەوتووەكانیش ئەم توانایەیان هەیە، بەڵام هیچ ئامێرێك بۆ ئەم مەبەستە ناگاتە ئامێری Verbatim MediaStation HD DVR، ئەو ئامێرە سیستەمێكی بڵاوكردنەوەو تۆماركردنە، بەهۆی كێبڵەكەوە بە شوێنی AV تەلەفزیۆن پێوەند دەدرێ. ئەوكات بەهۆیەوە دەتوانی پرۆگرامەكان تۆمار بكەی و هەروەها چەندین كات و رێكەوتی دیاریكراویان دابنێی بۆ تۆماركردنی پرۆگرامەكان. ئامێرەكە خۆی خاوەنی هاردێكی 500 گیگا و هەروەها یەك ترابایتیە بۆ هەڵگرتنی داتاكان. واتە دەتوانی 1400 فیلم لەو ئامێرەدا خەزن بكەی. ئێوە نەتەنیا لە تەلەفزیۆن بگرە راستەوخۆ دەتوانن لە ئامێری سەتەلایت یان ئامێری DVD ی یان ڤیدیۆ كاسێت فیلم خەزن بكەن.. هەروەها ئامێرەكە توانای لێدانەوەی فیلمەكانیشی هەیە.. جگە لەوەش دەتوانی فیلم لە كارتی میمۆری یان فلاش میمۆری وەربگری..

# كارتریجی پرینتەر فڕێ مەدەن

كارتریج (Cartridge)ی پرینتەر، ئەو ئامێرەیە كە مەرەكەبی پرینتەرەكە لەودایە. ئەو پرینتەرانەی كە لەیزەری نین كارتریجیان هەیە.. خودی ئامێری پرینتەرەكە هەرزان بابیە، ئەوەی كە نرخی پرینتەرەكەی گران كردووە، كارتریجەكەیەتی.. كارتریجی پرینتەر هەركە لە كار كەوت، یان بە كاڵی پرێنتی كرد، ئەوە بەمانای تەواو بوونی مەرەكەبەكەی نییە، ئێوە دەتوانن بەو شێوازە جارێكی دیكە كارتریجەكە نوێ بكەنەوە. لەسەرەتادا دەبێ بزانین ئەو مەرەكەبەی كە تێیدایە لەگەڵ ئاو تێكەڵ دەبێ، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا وەرەقەیەك بێنن كە بەو پرینتەرە پرێنت كراوە، بە پەنجەیەكی تەڕ لێی بخشێنن، ئەگەر رەنگەكەی تێكچوو ئەوە بەو مانایە كە مەرەكەبەكە لەگەڵ ئاو تێكەڵ دەبێ. هەر كام لە كارتریجەكان، ئیسفەنجێكی بچووكیان تێدایە، كاتێك كە مەرەكەبەكە تەواو دەبێت، ئەوە بەو مانایە كە تەنیا ئاوی مەرەكەبەكە تەواو دەبێت، ئەگەر بێتو ئیسفەنجەكەی ناوەوەی تەڕ بكرێتەوە ئەوە سەرلەنوێ پرێنتەرەكە كار دەكات. بۆ ئەم مەبەستە تەنیا 3 ملم ئاو بە دەرزی لە رێگەی كونە بچووكەكانی سەر كارتریجەكە تێبكەن. ئیدی دەتوانی هەتا ماوەیەكی زۆرتر سوود لەو مەرەكەبە وەربگری.





# ئەكواریۆمی دیجیتالی

ئەكواریۆم واتە حەوزی ماسی كە مەبەستی جوانكردنی دیكۆری ماڵەوە لە شوێنی دیاریكراو دادەنرێت، ئەویش وەك زۆر ئامێری دیكە بەرەو دیجیتالی بوون هەنگاوی نا. ئەو حەوزە ماسییەی كە دەیبینن، جگە لەوەی كە حەوزی ماسییە وەك گڵۆپی خوێندنەوەش سوودی لێوەردەگیرێت، جگە لەوەش كاتژمێر و رۆژمێری هەیە. سپیكەرێكی تایبەتی هەیە كە دەنگی تایبەت بە سروشتی رووبار و دەریای لێدێتە دەر. شاشەیەكی تایبەتیشی هەیە بۆ نیشاندانی كاتژمێر و كەشوهەوای ژوورەكە.



# iPad یش بوو بە خاوەنی ماوس و کیبۆردی خۆی

ماوسی کۆمپیوتەر وەك ئامرازێکی گرنگی کۆمپیوتەری دیسکتۆپ سەیر دەکرێت، هەرچەندە ئامێرە تەکنۆلۆژییە دیجیتالییەکانی دیکە وەکو لاپتۆپ و تەبلێت.. ماوسیان نییە، بەڵام بۆ کۆنترۆڵ کردنیان، ئامێری هاوچەشنی ماوسیان هەیە.. ئایپاد کە یەکێك لە تەبلێتە گرنگەکانە، تەواو لەمسییە و تەنیا بە پەنجە کۆنترۆڵ دەکرێت، لەم دواییانەدا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی ماوس بۆ ئامێری ئایپادیش ماوس و کیبۆردێکی تایبەتی بەرهەم هێناوە. ئەو ماوسە لەگەڵ ئامێرێکی تایبەتدایە کە ماوس و ئایپادەکە پێکەوە دەگونجێنێت.



## ناساندنی دوو سایتی گرنگ

سایتی fixlab سایتێکی گرنگە بۆ رێکخستن و دەستکاری کردنی فیلم و وێنەکانتان بە شێوەی ئۆنلاین، ئێوە ئەگەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەتان پرۆگرامێکی واتان نییە کە بتوانێت ئەرکی رێکخستن و دەستکاری کردنی وێنە و فیلمەکانتان بکات، دەتوانن سەر لە سایتی fixlab بدەن، ئەو سایتە بەشێوەیەکی زۆر پێشکەوتوو و سەرنج راکێش فیلمەکانتان دەستکاری دەکات و ئەگەر حەزیش بکەی دەتوانی فیلمەکەت هەر لەو سایتە دابەزێنی بۆ ئەوەی کە کەسانی دیکە بیبینن.

بۆ ئەو کەسانەی حەز دەکەن خاوەنی سایتێکی باش بن، بەڵام ناتوانن دیزاینی سایت بکەن، سایتی launchrock ئەو سایتەیە کە بە ماوەی چەند چرکەیەك لەو سایتەدا دەتوانن جوانترین ماڵپەڕ بۆخۆتان دروست بکەن، بێ ئەوەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆتان لە دروستکردنی ماڵپەڕدا هەبێت.

## ئاسانترین رێگە بۆ کردنەوەی پرۆگرامەکان

زۆر جار لەسەر کۆمپیوتەرەکەتان دەیان پرۆگرام هەیە، لە کاتێکی وادا بۆ دۆزینەوە و کردنەوەی پرۆگرامێك لەنێوان ئەو هەموو پرۆگرامەدا تارادەیەك دژوارە.. ئەگەر ئایکۆنی هەر پرۆگرامێکیش لەسەر دیسکتۆپی کۆمپیوتەرەکەتان بێت دیسان قەرەباڵغی دروست دەبێت.. هەرچەندە هەندێك رێگە هەن بۆ دەرباز بوون لەو قەرەباڵغییە.. وەك دانانی چەندین دیسکتۆپی مەجازی لەسەر کۆمپیوتەر، یان رێکخستنی پرۆگرامەکان.. بەڵام رەنگە ئەوانەش وەڵامدەرەوە نەبن.. بۆ دەرباز بوون لەم کێشەیە پرۆگرامی Turb-Launch دابەزێنن. ئەو پرۆگرامە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێ کە بە تەنیا کلیکێك پرۆگرامی مەبەستی خۆت بدۆزیەوە. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە، ئەو پرۆگرامە گشت ئایکۆنی پرۆگرامەکان لە شوێنێکدا کۆ دەکاتەوە تۆ تەنیا بە داگرتنی ئایکۆنەکە دەتوانێ پرۆگرامی مەبەستت بکەیەوە. هەروەها دەتوانی بە تایبەتکردن و دانانی دوگمەیەك بۆ هەر پرۆگرامێك، بە ئاسانی پرۆگرامەکان بکەیەوە.



# ئاگادار بن ئایفۆن و ئایپەد دوو

ئەمنییەت نە تەنیا لە مۆبایلدا بگرە لە هەموو شتێکدا هەر گرنگە، بەشـێوەیەکی زۆر نهێنی کردارەکانی ئێوەیان لە مرۆڤ حەز دەکات زۆر شـت لە ژیانیدا بە نهێنی بێت، بەڵام پێدەچێـت ئامێـرە تەکنۆلۆژییە نوێیـە دیجیتالییەکان نهێنییەکان ئاشـکرا بکەن. گروپێکـی لێکۆڵەرەوەی زانسـتی تەکنۆلۆژیای سەردەم ئاشـکرای کردووە کە دوو ئامێـری ئایفـۆن و ئایپەد




## کامێرایەکی زۆر بچووکی دیجیتالی

جیهانی ئامێرە دیجیتالییەکان، هـەم بەرەو بچووك بوونەوە دەچن و هەم بەرەو کارایی و توانایی زیاتر، یەکێك لەو ئامێرە دیجیتالییانە ئەو کامێرا فۆتۆگرافیەیە کە لەوێنەکەدا دیارە. کامێراکە توانای وێنەگرتنی بە کوالیتی 5 میگاپیکسـل هەیە، هەروەها دەتوانێ لە مەودای 50 مەتر وێنە بگرێ، جگە لەوەش وێنەکان لە فلاش میمۆریدا خەزن دەکات، توانای بردنە سەری میمۆری ناوخۆی تاکو 16 گیگابایـت هەیە. کامێرا بچووکەکە بەهۆی کێبلێکی USBیەوە بەکۆمپیوتەر پێوەند دەدرێ و هەر لە ڕێگەی ئەو کێبڵەوەش شەحن دەبێتەوە.




## بە تەنیا کلیکێک فۆرمـ

Messenger detect نـاوی ئـەو پرۆگرامەیـە کە گفتوگـۆ ئەنتەرنێتییەکان تۆمار دەکات، پرۆگرامـە دەتوانێ لە هەموو ئەو سـایتە کۆمەڵایەتییەکانـی وەکو یاهو و فەیس بووک . تاد دەنگ و دەق تۆمار بکات. لەکاتی سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامەدا پێویست بەوە ناکات کە پرۆگرامەکە بکرێتەوە و بە پرۆگرامی مەبەسـتی بناسـێنی، بگـەرە پرۆگرامەکە خـۆی ئۆتۆماتیکی بە نهێنی



# ئـامێری تەواو سیخوڕین



ژێرچاوەدێری دایە، لە راســـتیدا بۆ هەر شوێنێك بچن لە فایلێکدا خەزنـــی دەکات. ئەو گروپە بۆ سەلماندنی رایەکەیان پرۆگرامێکیان دروست کردووە کە دەتوانێ لەســـەر ئایفۆن دایبەزێنێ ئەو کات فایلە شاراوەکە ببینی. لە فایلەکەدا تەنانەت شـــوێنە جوگرافییەکـــەش بە جوانی دەبیندرێت. ســـەیر لەوەدایە ئامێری ئایفۆن و ئایپەد بۆ تۆمارکردنی شوێنە جوگرافییەکان لە سیستەمی GPSیش سوود وەرناگرن، تەنیا لە بورجی تۆڕی مۆبایلەکە ســـوود وەردەگرن. بۆیە هەرکە کەســـێك یەکێك لەو دوو ئامێرەی ئێوەی دەست کەوتبێ دەزانێ لە چ رێکەوتێکدا بۆ چ شوێنێك چووە، بەڵام هەتا ئێستا نازانرێ کە کۆمپانیای ئەپـــڵ کە بەرهەمهێنەری ئەو دوو ئامێرەیـــە بە چ هۆکار و مەبەســـتێك ئەو سیستەمەی خستۆتە سەر ئەو دوو ئامێرە، ئایا هەر لە ئامێرەکەدا سیستەمێك هەیە فایلەکە بۆ شوێنی مەبەست بەرێ بکات!



# بە تەنیا کلیکێک فۆرماتی فیلمەکەت بگۆڕە

گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیـــان گۆڕینی فۆرماتێکی ڤیدیۆیی بـــۆ فۆرماتێکی دیکەیـــە، بەڵام کەم پرۆگرام هـــەن وەك پرۆگرامی RoadMovie بچـــن و تەنیا بەیەك کلیـــك فۆرماتەکە بگۆڕن. ئەو پرۆگرامە زیاتر لە 15 فۆرماتی ڤیدیۆیی وەردەگرێت، بەهۆیەوە دەتوانی فایلـــە ڤیدیۆییەکەت بکەی بە فۆرماتـــی ئامێرەکانی وەکو ipad, appleTV, iphone, ipod,psc, تاد.. بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەتوانی بە ئاسانی ژێرنووسی فیلمەکە ئەگەر بەو زمانەی کە مەبەستتە لە ئینتەرنێتدا هەبێت بدۆزیەوە و لەگەڵ فایلە ڤیدیۆیەکە دابنێـــی، بەڵام ئەو پرۆگرامە زیاتر لەگەڵ کۆمپیوتەری جۆری ماك دەگونجێت.


# ـــاتی فیلمەکەت بگۆڕە

دەنگ و دەقەکان تۆمار دەکات. تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

-پشـــتیوانی کـــردن لە گشـــت ئەو ســـایت و پرۆگرامانـــەی کـــە گفتوگـــۆی ئەنتەرنێتیـــان پێدەکرێت.

-بە ئاســـانی و بێ گرفت ســـوود وەرگرتن لە پرۆگرامەکە.

-دانانی رێکەوت و مێژووی گفتوگۆکە.






# مۆبایلێکی LG کە دەبێتە تەبلێت

یەکێك لە کۆمپانیا ســـەرکەوتووەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی کۆمپانیای LGیە، کۆمپانیـــای ناوبراو لەم دواییانەدا بازنەی کارکردنەکەی خۆی فراوانتر کرد و لە بواری مۆبایلیشـــدا خۆی تاقیکردەوە کە تێیدا ســـەرکەوتوو بوو. یەکێك لە مۆبایلەکانـــی ئەم دواییەی LG، مۆبایلێکە بەناوی LG Triptych کە دیزاینەکەی سەرنجت بۆ لای خۆی رادەکێشێ، هاندەکە لە شاشەیەکی ســـەرەکی و دوو شاشەی لاوەکی پێکهاتووە. مۆبایلەکە لەکاتی پێویستدا بەهۆی شاشە لاوەکییەکانەوە گەورە دەبێت و دەبێتە تەبلێتێك.